www.kurdistannet.org
12-11-2005 23:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گەشتی سەرۆکی هەرێم. . . . خاڵی وەرچەرخاندن. . . . بێستون محمد سالح مستەفا

(نێو دەوڵەتی، ناوچەیی، عێراق و کوردستان)

گەشتی ئەم جارەی جەنابی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆكی كوردستانی هەڵبژێراو بۆ ئەمریكا و بەریتانیا، گەلێك بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە هەڵدەگرێ، لەم پێگانەوە:
1. لە ئاستی نێودەوڵەتی: ئاشكرایە بە فەرمی بانگهێشت بۆ ئەم دیدارانە لە دوو ڕوانگەوە پێویستە بخرێتە بەر دید و بۆچون:

آ- كەسێتی كورد و عەقڵی سیاسی كورد و ڕۆڵی كاریگەری و حیكمەتی ئەم ڕێو ڕەسمە لەوە دایە چیدی گۆڕانكاریەكان هێندە تیژ و بروسك ئاسایە، پێویستە بگرە وەرگرتنی ڕای نەتەوەیەكی ستەم دیدە لە دیدی سەرۆكێكی هەڵبژێراو چی دی قابیل بەوە نیە كە پرس و ئایندەی ناوچەكەی لی نەپرسرێ و بە هێند وەرنەگیرێ چونكە هەردەم خوێندنەوەی سەرۆك بارزانی بۆ ڕَودا و كێشەكان بە شێوازی مەنهەجی و دوربینی ئاسۆی تێڕوانینەكانی وەك فشارێكی نێو دەوڵەتی لە ئاست خزمەتكردنی دۆزی نەتەوەكەی بە گشتی خستۆتە بەردەم كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ب- قەوارەی سیاسی و دۆزی كورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ یەكەم جار لە مێژووی نوێی خەباتی نەتەوەیی بە جامانەی سوور و پۆشاكی كوردی و زمانی كوردی و جەخت كردنی جەنابی سەرۆك لە ئاخاوتنەكانیدا بە زمانی دایك و ئاڵای كوردستان خۆ بە خۆ بەرفراوان كردنی دۆزی كورد و قەوارەی سیاسەتی گۆڕانكارییەكی فەرمیە بۆ ڕەوڕەوەی كێشەی كورد لە دیدێكی مرۆییەوە بۆ دید و قەوارەیەكی سیاسی كە جەنابی سەرۆك بارزانی یەكەم لاپەڕەی شكۆداری تۆمار كرد و پێگەی ئاسۆیەكی پرشنگ دارە بۆ سەنگینی كێشەی كورد گەیشتنە بە مافی چارەنووس. سەرەڕای بەخشینی خەڵاتی بنیاتنان و ئاشتی لەلایەن زانكۆی ئەمریكی بۆ جەنابی سەرۆك ئەمەش واقیعێكی نوێی ترە و بڵند گۆیەكی برووسك ئاسایە بۆ هەموو ئەوانەی كە هەردەم ئیدعای كەم كردنەوەی ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بۆ بەرقەرار بوون و پرۆسەی دەزگای بە مەدەنی كردنی كۆمەڵگە دەكەن، خاكی بوونی كەسێتی سەرۆك بارزانی و خۆ جیا نەكردنەوەی لە گەلەكەی دیسانەوە خاڵێكی تری پاكی و بێگەردی جەنابیان دەردەخات بەوەی كە خەڵاتی ئاشتی خەڵاتی گەلی كوردستانە و بەرهەمی خوێنی شەهیدان و كیمیا باران و ئەنفال و بێ سەر و شوێن كردنی بارزانیانە.
2. لە ئاستی ناوچەیی: بێ گومان هەر ڕێو ڕەسمێكی ڕەسمی نێو دەوڵەتی بۆ كەسایەتیەكی هاوشێوەی جەنابی سەرۆك بارزانی بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەی واقعی ناوچەیی خۆی دەبێ و لە مەودوا تەرازووی ئەژماركردنی پێگە و هێز و كاریگەری عەقڵی كوردی و سەركردایەتی كورد لە دید و بۆچوونی دەر و دراوسێ و جیرانەوە هەزار و یەك خوێندنەوە و ئەجندەی تایبەتی خۆی دەبێ، چونكە لە مەودوا بەسەرڕێی خوێندنەوەی پێگەی كورد و سەركردایەتی كورد لە ناوچەكە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نابێ و هاوكێشەكان هاوسەنگ نابێ.
3. عێراق و كوردستان: لێرەوە تێڕوانین و تێفكرین دەبێ لە دوو تەوەرەدا خۆ ببینێتەوە:

آ- ئاستی شاقوڵی (عێراق) : دوای ڕیفراندۆم بۆ بەردەوام بوون و بەڵێ لەسەر دەستووری هەمیشەی عێراقی فیدرڵ، دیارە ڕۆڵی سەرکردایەتی کورد و لیستی هاوپەیمانێتی کوردی و گەلی کوردستان زۆر شەفاف و حەکیمانە لە یاریەکەدا زۆر چاودێرانە و بوێرانە کار لەسەر ئایندەی عێراق کراوە و هەردەم هۆشمەندی و هۆشیاری خاڵێکی جەوهەری بووە بۆ ئاست و هاوکێشەی سیاسی عێراق لە دیدی کوردەوە، سەلماندنی ئەگەرەکان و دۆزی کورد بە شێوەیەکی بەر جەستە کراو ڕەنگدانەوەی واقع بە گشت لایەنەکان دراوە دوای ئەم گەشتەی جەنابی سەرۆك لەسەر ئاستی ستوونی لە کوردستانەوە بۆ دەسەلاتی یەکگرتووی سەنتەر زۆر دیار و ئاشکرایە و هیچ تەفسیرێك هەڵ ناگرێ ئەوە نەبێ کە پێویستە لە مەودوا ئەجندەی سیاسی عێراق بونیاد نەر و پێکهاتنەوەی کورد و سەرکردایەتیەکەی یاریزانێکی لێوەشاوە و لێهاتوو و بە توانا و دڵسۆز خاڵی سەرەتای دەست پێ کردووە و بەشێوازێکی ڕاست و درووست ڕاو ویست و ماف و ئیلتزاماتی گەلی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم دەگاتە سەنتەر و داکۆکی لی دەکرێ، خۆ گەر جاران بە جۆرێك لە جۆرەکان یارییەکە نامۆی پێوە دیار بوو ئەوە لە مەودوا ئاشتی و چارەنوس لە پێگەی کوردەوە دەست پێ دەکات.

ب- ئاستی ئاسۆیی (کوردستان) : گومانی تێدا نیە بەلای هەموانەوە ئەمە (قەسەدی) ڕاستەقینەی گەلی کوردستانە هەموو کێشمە کێشم و بەرز و نزمی و گفتوگۆ و کۆبوونەوەکان سائیتر لە هەر ئاستێکدا بێ، بۆ (خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان، ئاسیشی کوردستان بەرژەوەندیە گشتیەکان، دڵنیابوون و متمانەی خەڵکی کوردستان) بووە و دەبێ، چونکە ناکرێ درێژکردنەوە و پاساو هێنانەوە بۆ دووکەرت بوون و یەکنەگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە بە ڕۆژی ڕوناك پێمان بفرۆشنەوە. . . بەتایبەتی دوای گەشتی جەنابی سەرۆك و مژدەی یەکخستنەوەی یەکجارەکی هەواڵێکی بە هێند وەرگیراوە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە. دڵنیاین لە گەورەیی و دڵفراوانی جەنابی سەرۆك وەزارەتێك کەمتر یا زیاتر ساڵێك زیاتر یا کەمتر وەرگرتنەوەی ناوچەیەك یان نە ْ گەڕانەوەی بەرژەوەندییەکی تایبەتی یان نە ْ نابێتە ئاستەنگ لە بەردەم وەگەڕ خستن و وەرچەرخاندنی دید و بۆچوون و پلانی جەنابی سەرۆك بۆ ئاسودەیی گیانی شەهیدان و هەڵەبجەی شەهید و بارزان و گەرمیانی ئەنفال کراو، بە دڵنیایی خاڵی دەستپێکی دام و دەزگای بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردی لە لایەن جەنابی سەرۆك بارزانیەوە بە شێوازێکی ئاسۆیی ڕەوتی خۆی پیادە دەکات و باڵی ئاسودەیی بە سەر گشت کوردستاندا دەکێشێت. هەر وەك جەنابی سەرۆك دەفەرمێ (گەلی کوردستان مافی خۆیەتی لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی سەربە خۆدا بژی) . . .

Bistun2005@yahoo. com